# ئامرازو خشڵی کانزایی سەردەمی ئەشکانی لە مۆزەخانەی گەرمیان (نموونەی هەڵبژێردراو)

د. وفاء طاهرمحمد
م.ی. سارا أولفتاح محمود
محمد علی کریم

ڕێککەوتی وەرگرتنی توێژینەوە: ٢٠٢٤/١٢/٣١ ڕێککەوتی ڕەزامەندی بڵاوکردنەوەی: ٢٠٢٥/٢/١

**پوختەی توێژینەوە:**

کانزاکان لە گرنگترینی ئەو ماددە خاوانەن کە مرۆڤ بەکاریهێناون بۆ دروستکردنی کەلوپەل و پێداویستی ڕۆژانە، بەتایبەت چەک و ئامێری کشتوکاڵ، کەلوپەلی ناوماڵ و خشڵ بوون، ناوچەی گەرمیان لە باشوری کوردستان لە دێر زەمانەوە گرنگی بە پیشەی کانزاکاری داوە.

لەم توێژینەوەیەدا هەوڵدەدەین گرنگی کانزاکاری لە ناوچەی گەرمیاندا بخەینە ڕوو، هەروەها تیشک دەخەینە سەر نموونە دۆزراوەکانی ناوچەی کفری و دەوروبەری کە ئێستا لە مۆزەخانەی گەرمیاندا پارێزراون و بۆ سەردەمی ئەشکانی دەگەڕێنەوە، ئەمە جگە لەو پارچانەی لە ڕێگەی دیاری و کڕینەوە گەیشتونەتە مۆزەخانەکە، هەندێک لەو پارچانە بۆ سەردەمی ئەشکانی دەگەڕێنەوە. جێی باسە ژمارەیەک لەو پارچانە توێژینەوەیان لەسەرنەکراوە.

لە ڕێی ئەم توێژینەوەیەوە دەمانەوێ بگەینە وەڵامی ئەم پرسیارانە: جۆری کانزاکان؟ پێوانە وکێشیان ؟ هەروەها شێوازی دروستکردن وجێبەجێ کردنی نەخشی پارچەکان بە وردی دەخەینە ڕوو. ئەمە جگە لەوەی هەوڵێکە بۆ دەرخستنی گرنگی کانزاکاری لە ژیانی ڕۆژانەی خەڵکی ناوچەکانی گەرمیان. توێژینەوەکە لە پێشەکی و دەرئەنجام و لیستی سەرچاوە و سێ تەوەر پێکهاتووە.

**Abstract**

Metal ores are one of the most important raw materials used by humans to manufacture daily necessities, such as weapons, agricultural tools, household items, and jewelleries. There has long been a metallurgical interest in the Garmian region in southern Kurdistan.

This paper deals withmetal objects include examples discovered in the Kifri district and its surroundings that are now preserved in the Garmian Museum and date back to the Parthian period, as well as pieces that have been lent and obtained by the museum and are probably date back to the Parthian period.

**پێشەکی:**

پیشـــەی کانزاکاری یەکێکە لەو پیشـــە گرنگانەی کە هۆکاری پێشـــکەوتن وفراوان بوونی ســنووری دەوڵەتان بووە، بەتایبەت ئەو دەوڵەتانەی کە کانزایان بۆ کەل وپەلی جەنگی بەکارهێناوە. بۆ دڵنیابوون لەمێژووی ئەم پارچانە کە بۆ سەردەمی ئەشکانی دەگەڕێنەوە، پشتمان بە ڕاپۆرتی چەند کنەوپشکنینێک بەستووە لەوانە: کنەوپشکنینی گۆڕەکان بەرلووت، کە دەکەوێتە باکوری کەلار لە ســاڵی ٢٠١٢، کنەو پشــکنینی گۆڕو گردۆلکەی ســەرقەڵا لە ســاڵی ٢٠١٤ کە لەبەرێوەبەرایەتی شــوێنەواری گەرمیان ئەنجامدراون. پارچەکانیان هەمان نەخش و شــێوازی دروســتکردنیان لەوپارچانە دەچێت کە لەناو شــوێنەواری گۆڕی ئەشــکانییەکان دۆزراونەتەوە. هەروەها توێژینەوەیەك بەناونیشــانی (شوێنەواری گۆڕگردۆلکەی سەرقەڵاو پاشماوەکانی(٥٧پ.ز.-٢٠٧ز) کە لە پرۆسیدینگی سێیەمێن کۆنفرانسی زانستی نێودەوڵەتی شــوێنەواروکەلەپوری کوردســتــان)کەلەلایەن بەرێزان (محمد کریم و نەوزاد عبدالطیف عبدالکریم) نووسراوە.

**ئـامـانجی توێژینەوە**: ئـامـانجی ئەم توێژینەوەیە لەوەدا خۆی دەبینێتەوە، مێژووی پـارچەکـان دیـاریبکرێـت، شــیکارییان بۆ بکەین کە لەچی دروســتکراون و بۆ چ مەبەســتێک بەکارهاتوون، هەروەها چەند پرســێکیتر کە لە توێژینەوەکەدا ڕووندەکرێتەوە.

**گرنگی توێژینەوە:** گرنگی ئەم توێژینەوەیە لە وەدایە، کە پیشـــەی کانزاکاری پەیوەندی ڕاســتەوخۆیی بە ژیانی ڕۆژانەی خەڵکییەوە هەبووە و جیاوازی چینایەتی دەرخســـتووە، مرۆڤ لە ڕێگەی ئەم کانزایانەوە تا چ ڕادەیەک کارئاسانی بۆ ژیانی بەدەستهێناوە، هەروەها ئەم پارچانەی کە لەم توێژینەوەیەدا باس دەکرێن تا ئێستا توێژینەوەیان لەبارەوە نەکراوە، بۆیە ئێمە دەمانەوێ گرنگی و مێژووی ئەو پارچانە بخەینە ڕوو.

**کلیلە وشە**: **ئەشکانی، کانزاکاری، گەرمیان، خشڵ، ئامراز.**

**تەوەرەی یەکەم :**

**جوگرافیا و مێژوو ئەشکانییەکان:**

کاتێک باس لە مێژووی ئەشکانییەکان دەکرێت سنوری جوگرافی یەکێکە لەو بابەتە گرنگانەی کە پێویستە ئاماژەی پێبکرێت، بەڵام ئێمە لێرەدا زۆر بە کورتی تەنها ســنورەکەیان دەخەینە ڕوو، کە ســنوری ئەشــکانییەکان لە فراوانترین دەســەڵاتیاندا بەم شــێوەیە بوون، لەڕۆژهەڵاتەوە لە باکوری ئەفغانســتانی ئێســتا(Magub, 2018, 6.)، لە ڕۆژئاواوە تا ڕووباری فورات درێژدەبێتەوە (Hauser, 2013, 2.)، لە باشوریشەوە دە سەڵاتی بە سەر ئەوخاکانەدا گرت کە لەنێوان کەنداو و زەریای هیندیدا بوون (Gregoratti, 2017, 125.). لەباکوریشەوە دەگەیشتە میسۆپۆتامیای سەروو. ئەڵبەتە دەوڵەتی ئەشــکانی لەتەواوی ماوەی فەرمانڕەوایەتییەکەیاندا ئەم ناوچانەی لە ژێر دەســتەڵاتدا نەبووە، بەڵکوو چەندین جار بەهۆی لەشکرکێشیەکانەوە ئەم سنورە گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە(سەرفراز و فەروزمەندی، ٢٠٠٩، ٧١).

ئەگەربمانەوێ گەشتێکی کورت بە مێژووی ئەشکانیەکاندا بکەین، ناتوانین خۆمان لە باسی ئەسکەندەری مەکدۆنی و سلوکییەکان لابەین، بۆیە لێرەدا بە چەند دێرێک باسی ئەوانیش دەکەین.

شکستی سێجارەی داریوشی سێهەم (٣٣٦-٣٣٠ پ.ز)، دوایین پاشایی هاخامەنشی بە دەستی ئەسکەندەری مەکدۆنی[1]، هەروەها بە دی هاتنی دەوڵەتی یۆنانی هێلێنیستی کە پاشی ئەو پنجی داکوتاو خۆی گرت و هەستایە سەرپێ( کالیج،٢٠١٠، ٢١)، لە ساڵی(٣٢٣ی پ.ز) دوای مردنی ئەسکە ندەر ناکۆکی کەوتە نێوان سەرکردە کانی دەوڵەتەکەیی، ئەمەش بوو بەهۆی دەرکەوتنی دەوڵەتی سلوکییەکان[2]. لە ناوەڕاستی سەدەی سێیەمی پیش زایندا بارودۆخی قەڵەمڕەوی سلوکییەکان بەرەو تەنگەژە و دژواریدا ڕۆیشت (کالیج،٢٠١٠، ٢٥). لە ناوەڕاستی سەدەی سێیەمی پێش زایین سەرەتایی فەرمانڕەوایی ئەشکانییەکان[3] دەرکەوت، کە پێشتر بە پارتی ناسرابوون ئەم دەرکەوتنەیان درێژەی کێشا تا سەدەی یەکەمی زایینی و هاتنی ساسانییەکان[4]. ئە شکانییەکان بۆماوەی چوار سەدە فەرمانڕەواییان کرد.

**گرنگی پیشەی کانزاکاری**

ئەشکانییەکان وەک هەموو گەلانیتری خاوەن شارستانی، گرنگیان بە هونەرداوە، لەناو هەموو هونەرەکانیشدا، کانزاکاری گرنگییەکی تایبەتی هەبووە، ئەمەش بەڵگەی پیشاندانی پێشکەوتووی ئەشکانییەکانە، پیشەی کانزاکاری پلەی کۆمەڵاتیەتی لە ناو کۆمەڵگاگاندا دیاری کردوە. وەک ئەزانرێ کانزاکان ئەو مادە خاوانەن کە مرۆڤ بۆ ژیانی ڕۆژانەی بەکاریهێناون، لە گرنگترینی ئەو کەلوپەلانەی کە لێی دروستکردوون چەک و ئامێری کشتوکاڵیڤف و خشڵ بوون[5]، بۆ یەکەمجار کانزا لە کوردستان لە دەوروبەری (٥٥٠٠ پ.ز.) بەکارهاتووە و هەندێک لە پێویستیەکانی خۆیان پێ جێبەجێکردووە(الجادر، ١٩٨٥، ٢٣٩-٢٤٠). ئەوەش گومانی تێدانییە کە کانزاکاری لە ناوچە شاخاوییە کانەوە دەستپێکردووە بەهۆی بوونی کانەکانی کانزاکان لە ناوچە شاخاوییەکاندا (Maxwell-Hyslop, 1946, 4).

**تەوەری دووەم: نموونە وەرگیراوەکان**

کۆمەڵێك پاشماوەی کانزایی کە بەدیاری پێشکەشی مۆزەخانەی گەرمیان کراون، پارچەکانیش پێکهاتوون لە خشڵ وچەک و ئامرازی ناوماڵ.

**دەستبەند (بازن) ی یەکەم :**

١ ئەسکەندەری مەکدۆنی: ئەسکەندەری سێیەمی کوڕی فلیپی دووەمی مەکدۆنییە لە ساڵی ٣٥٦پ. ز لە دایک بووە(بۆ زانیاری زیاتر لەسەر خێزانی ئەسکەندەردەڕوانرێتە: (رستم،١٩٦٠، ١٧؛ Tarn, 1948, 1).


٢ بۆزانیاری زیاتر لەسەر دەوڵەتی سلوکییەکان و سنوریان دەڕوانرێتە: (کالیج، ٢٠١٠٢٢-٢٢٥؛ Ceccarelli, 2016, 1)

٣ دەربارەی ناوی ئەشکانییەکان دەڕوانرێتە: .(Overtoom, 2016, 984.)

٤ بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی دەوڵەتی ئەشکانیی دەڕوانرێتە: (کالیج، ٢٠١٠، ٢١٠-٢٢٧؛ Hauser, 2013, 1003)

٥ بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی کانزاکان و شێوازی دروستکردنی دەڕوانرێتە : (کەڵهوری، ٢٠١٧، ٥٠-٥٩)

دە ستبەندێکی قەبارە ئا سایيە، لەکانزای برۆنز درو ستکراوە، ژمارە (GM 0050) لەمۆزەخانەی گەرمیان پارێزراوە، کێشــی(١٢گم) وتیرەی بازنەکە(٦،٤ســم)، ئەســتوری (٠،٤ســم). نیوەی زیاتری دەســتبەندەکە بە نەخشــێکی لوولپێچی ڕازێنراوەتەوە، ئەو بەشــەی کە ماوەتەوە ســادەیە و نەخشــی پێوە نییە، تەنها لە کاتی بەیەک گەیشــتنی بە بەشــی لولپیچیەکە دوو پارچەی زیادە بادراون بەیەکەوە. وێنە وهێڵکاری (١).



وێنەو هێکاری (١) دەستبەند ، (توێژەر)

**دەستبەند (بازن) ی دووەم :**


دە ستبەندێکی قەبارە ئا سایيە، لەکانزای برۆنز درو ستکراوە، ژمارە (GM 0051) لەمۆزەخانەی گەرمیان پارێزراوە، حاڵەتی پارچەکە باشــە، کێشــی(١١گم) تیرەی بازنەکە (٦،٤ســم)، ئەســتوری (٠،٤ســم). لە نیوەی زیاتری بازنەکە بە نەخشـێکی لوول پێچی ڕازێنراوەتەوە، ئەو بەشـەی کە ماوەتەوە سـادەیە و نەخشـی پێوەنییە، تەنها لە کاتی بەیەک گەیشتنی بە بەشی لولپیچیەکە دوو پارچەی زیادە بادراوە بەیەکەوە. وێنە و هێڵکاری (٢).



وێنە وهێڵکاری (٢) دەستبەند ، (توێژەر)

**دەستبەند (بازن) ی سێیەم:**

دە ستبەندێکی سادەیەی قەبارە ئا سایيە، لەکانزای برۆنز درو ستکراوە، ژمارە (GM 0052) لەمۆزەخانەی گەرمیان پارێزراوە، کێشی (٣گم) تیرەکەی (٤ سم) و ئە ستوری(٠،٢ سم). تەنها لە دوو لاوە بۆ مەبە ستی قایمکردن تەلێکیان لێ ئاڵاندووە، لایەکیان بۆ گەورەکردن وبچووکردنی پێوانەی دەستبەندەکە. وێنە و هێڵکاری (٣).




وێنە وهێڵکاری(٣) دەستبەند، (توێژەر)

**دەستبەند (بازن) ی چوارەم:**

دەستبەندێکی قەبارە ئاسایە ئەستورە، لەکانزای برۆنز دروستکراوە، ژمارە (GM 0053)لەمۆزەخانەی گەرمیان پاریزراوە، حاڵەتی باشە، کێشی (١٦گم)، تیرەکەی(٥،٥سم) ئەستوری(٠،٤ سم)، هیچ نەخشێکی لەسەر نییە. وێنە و هێڵکاری (٤).




وێنە و هێڵکاری (٤) دەستبەند، (توێژەر)

**دەستبەند (بازن) ی پێنجەم:**

دەستبەندێکی قەبارە ئاسایی داخراوە، لەکانزای برۆنز دروستکراوە، ژمارە (GM 0054) لەمۆزەخانەی گەرمیان پارێزراوە، کێشی(١٦گم)، تیرەکەی(٤،٦سم)، ئەستوری(٠،٥سم)، نەخشی لەسەر نییە و سادەیە، لە دوو لاوەی دە ستبەندەکە بەرامبەر بەیەک پانتر و ئە ستورترە، لە لاکانی ترو بە شی خوارەوەی نیوە کرانەوەیەکی تیایە بە شێوەی درزێکە وهیچ کاریگەری لەسەر گەورەکردن و بچووکردنەکەی نییە. وێنە و هێڵکاری(٥).




وێنە و هێڵکاری(٥) دەستبەند، (توێژەر)

**مستیلە:**

مســـتیلەیێکی ســـادەیە، نەخش و ڕازاندنەوەی لەســـەرنییە، لەکانزای برۆنز دروســـتکراوە، ژمارە (GM 0055) لەمۆزەخانەی گەرمیان پارێزراوە، کێشی (٢گم)  تیرەکەی(١،٧سم)، ئەستوری (٠،٥سم). وێنە و هێڵکاری (٦) .



وێنە و هێڵکاری (٦)مستیلە، (توێژەر)

**کلدان**:

کلدانێکی شـــێوە لوولەییە، لەکانزای برۆنز دروســـتکراوە، ژمارە(GM 0056)  لەمۆزەخانەی گەرمیان پارێزراوە، کێشی(٦٠گم)، بەشی سەرەکی ئەو بەشەیە کە کلەکەی لێدادەنرێت بەرزی کلدانەکە (٧،٢سم)، تیرەی دەمەکەی(١،٦سم) و لەبەشی سەرەوەریدا لێوارێکی ئەستوری هەیە کە بەڕووی دەرەوەدا دەرچووە، چێوەی قەدی کلدانەکە لە فراوانترین شوێنیدا (٢،٧ سم)، ڕووی کلدانەکە بە سێ بەش دابە شکراوە، بەهێڵێکی ڕێکی ڕوچاڵ و  شێوە بازنەیی ڕازێنراوەتەوە، ئەم هێڵە تەواوی چێوەی کلدانەکە دەگرێت، بەشـــی خوارەوەی کلدانەکە کە بنکەکەیەتی شـــێوە بازنەیی ڕووتەختی هەیە، تیرەی بنکەکەی دەگاتە(١،٣ ســـم) بەرزی بنکەکەی (٢ســـم)، لەبەشـــی خوارەوەی کلدانەکەدا دەرچەیەکی  لێوە دەرچووە کە کونێکی بازنەیی تێدایە، بەکارهێنراوە بۆ ڕاگرتنی ئەوبەشـــەی کە چاویان پێ ڕشـــتووە، دەرزی کلدانەکە درێژی(٧،٤ ســم)، پانیەکەی (٠،٤ســم)، کۆتا بەشــی ئەم کلدانە ملەکەیەتی شــێوەیەکی درێژی لوولەیی نوک پانی هەیە،

بە شە گەورەکەی لە خوار دە سکەکەیەوە تا بە شی خوارەوە بە چوار هێڵ لێک جیاکراوەتەوە، نەخشی ناو هێڵەکانیش نەخشێکی ئەندازەیی شێوە پاقلاوەیین. وێنەو هێڵکاری (٧).




وێنەو هێڵکاری (٧)کلدان، (توێژەر)

**تیغ:**

لەکانزای برۆنز دروســتکراوە، ژمارە(GM0057) لە مۆزەخانەی گەرمیان پارێزراوە، کێشــی (١گم)، درێژی دەمی تیغەکە (٤،١سم) و درێژی دەسکەکەی(١،٦سم) و درێژی گشتی(٥،٧ سم) و ئەستوری تیغ(٠،٥سم)، ئەستوری دەسک(٠،٢ ســم)، ئەم تیغە هەردوولای تیژە، لەکۆندا بۆ زۆر مەبەســت بەکارهێندراوە، ژنانیش پێیان بووە بۆ بەرگری لە خۆیان. وێنە وهێڵکاری(٨).




وێنە و هێڵکاری (٨) تیغ، (توێژەر)



***JZSB*** p-ISSN: 1813-0852, e-ISSN: 2617-3034

**دەرزی:**

دەرزییەکی قەبارە ئاسـایە، لەکانزای برۆنز دروسـتکراوە، ژمارە (GM 0058) لەمۆزەخانەی گەرمیان پارێزراوە، کێشی (٢گم)، درێژی دەمی دەرزییەکە(٥،٣ سم) درێژی دە سکەکەی (١،٤ سم). درێژی گشتی(٦،٧ سم). وێنەو هێڵکاری (٩).




وێنەو هێڵکاری (٩) دەرزی، (توێژەر)

**سووژن:**

سـوژنێکی سـادەیە، لەکـانزای برۆنز دروسـتکراوە، ژمـارە(GM 0059) لەمۆزەخـانەی گەرمیـان پـارێزراوە، کێشـی(٣٣گم)، درێژیەکەی(١٦،٢ سـم)، ئەسـتوری(٠،٨سـم) و ئەسـتوری نوک(٠،١ سـم)، تیرەی کونی سـوژنەکە(٠،٤سـم). وێنە وهێڵکاری(١٠).




وێنەو هێڵکاری (١٠) سووژن، (توێژەر)

**تەوەری سێەم :**

**بەراوردکاری هەندێک لە پارچەکان بە پارچەی کانزایی سەردەمی ئەشکانی**

لەم بابەتەدا هەوڵمانداوە هەندێك لە پارچەکان بەراورد بکەین بە پارچەی هاوشـێوە یان نزیك لە شـێوە و پێکهاتەکانیان، پارچە بەراوردکارییەکانیش لە هەردوو ناوچەی شـوێنەواری لە گەرمیان دۆزراونەتەوە وەك (گۆڕەکانی گوندی بەرلووت لە کەلار و گۆڕکردۆڵکەی سەرقەڵا).

**یەکەم: کلدانەکەی گۆڕگردۆڵکەی سەرقەڵا**

کلدانێکی کانزایی لە گۆڕی ناوبراو دۆزراوەتەوە، بە شێوەیەکی لوولەیی درو ستکراوە، سەرقاپ و قەڵەمی تایبەتی بە کلدانەکە هەیە، بڕوانە وێنە وهێڵکاری (١١). تاڕادەیەکی باش نزیك دەبێتەوە لە شـێوەی کلدانەکەی هەمان ئەم توێژینەوەیە، بڕوانە وێنەی ژمارە (٧). لە ڕووی پێوانەو کێشەو هاوشێوەن (کریم،عبدالکریم، ١٢٣،٢٠١٩-١٦٢).



وێنە و هێڵکاری (١١)، گۆڕگردۆڵکەی سەرقەڵا(کریم،عبدالکریم، ٢٠١٩، ١٦٢)

**دووەم: کلدانەکەی گۆڕەکانی گوندی بەرلووت لە کەلار**

ئەم کلدانە لە یەکێك لە گۆڕەکانی ناوچەی شـوێنەواری ناوبراو دۆزراوەتەوە، ئەگەرچی تاڕادەیەك جیاوازییەکی هەیە لە گەڵ ئەو کلدانەی کە ئێمە لەم توێژینەوە باسمان کردووە، بەڵام جۆری مادەکە و قەبارەکانیان زۆر لە یەکترەوە نزیکن، جگەلەوەش دیمەنێکی هاوشێوەیی پەیڕەوە و کراوە لە دروستکردنیان بڕوانە وێنەی (١٢). (کریم، ٢٠١٩، ٩١-٩٨).



وێنەی (١٢)، کلدان، دوو گۆڕەکەی بەرلووت، (کریم، ٢٠١٩-٩٨)



*JZSB* p-ISSN: 1813-0852, e-ISSN: 2617-3034

**سێیەم: دوو دەستبەند گۆڕگردۆڵکەی سەرقەڵا**

دوو دەستبەند لە گۆڕگردۆڵکەی سەرقەلا دۆزراونەتەوە (کریم،عبدالکریم، ٢٠١٩، ١٦١-١٦٢)، بڕوانە وێنەو هێڵکارییەکانی ژمارە (١٣) و (١٤)، نزیك لە شێوەی دووان لە دەستبەندەکانی ئەم توێژینەوەیەن، بڕوانە وێنە وهێڵکارییەکانی ژمارە (١) و (٢)، ئەم دەسبەندانە لە شێوەی لوولپێچی بەشی سەرەوەیان تەواو کراوە و لای خوارەوەیان لە دوو شوێنەوە گرێدراون.





وێنەی (١٣)، هێلکاری (١٢)، گۆڕگردۆڵکەی سەرقەڵا، (کریم، عبداکریم، ٢٠١٩، ١٦١)





وێنە (١٤)، هێلکاری (١٣) ، گۆڕگردۆڵکەی سەرقەڵا، (کریم، عبداکریم، ٢٠١٩، ١٦٢)

**خشتەی هونەری پارچەکان**

| ژ. | جۆری چارچەکە | ماددەکەی | سەرچاوەی پارچەکە | ژ.مۆزەخانە | پێوانەوکێش | سەردەم | شوێنی پاراستنی | وێنە |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | دەستبەند | برۆنز | دیاری هاووڵاتی | 0050 GM | تیرە(٦،٤سم)<br>ئەستوری(٠،٤سم)<br>کێش(١٢گم) | ئەشکانی | مۆزەخانەی گەرمیان |  |
| ٢ | دەستبەند | برۆنز | دیاری هاووڵاتی | 0051 GM | تیرە(٦،٤سم)<br>ئەستوری(٠،٤سم)<br>کێش(١١گم) | ئەشکانی | مۆزەخانەی گەرمیان |  |

| | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ٣ | دەستبەند | برۆنز | دیاری هاووڵاتی | 0052 GM | تیره(٤سم) ئەستوری(٠،٢سم) کێش(٣کم) | ئەشکانی | مۆزەخانەی گەرمیان |  |
| ٤ | دەستبەند | برۆنز | دیاری هاووڵاتی | 0053 MG | تیره(٥،٥سم ئەستوری(٠،٤سم) کێش(١٦گم) | ئەشکانی | مۆزەخانەی گەرمیان |  |
| ٥ | دەستبەند | برۆنز | دیاری هاووڵاتی | 0054 GM | تیره(٤،٦سم) ئەستوری(٠،٥سم) کێش(١٦گم) | ئەشکانی | مۆزەخانەی گەرمیان |  |
| ٦ | مستیله | برۆنز | دیاری هاووڵاتی | 0055 GM | تیره(١،٧سم) ئەستوری(٠،٥سم) کێش(٢گم) | ئەشکانی | مۆزەخانەی گەرمیان |  |
| ٧ | کلدان | برۆنز | دیاری هاووڵاتی | 0056 GM | بەرزی(٧،٢سم) تێرەی دەمەکەی(١،٦سم) کێش(٦٠گم) درێژی دەرزی کلدانەکە (٧،٤سم) پانی دەرزیەکە (٠،٤سم) کێش(٦٠گم) | ئەشکانی | مۆزەخانەی گەرمیان |  |
| ٨ | تیغ | برۆنز | دیاری هاووڵاتی | 0057 GM | درێژی گشتی(٥،٧سم) درێژی تیغەکە(٤،١سم) درێژی دەسکەکەی(١،٦سم) ئەستوری دەسک(٠،٢سم) کێش(١گم) | ئەشکانی | مۆزەخانەی گەرمیان |  |
| ٩ | دەرزی | برۆنز | دیاری هاووڵاتی | 0058 GM | درێژی گشتی (٦،٧سم) کێش(٢گم) | ئەشکانی | مۆزەخانەی گەرمیان |  |

| | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ١٠ | سووژن | برۆنز | دیـــــاری هاووڵاتی | 0059 GM | درێژی (٢،١٦سم) ئەستوری(٠،٨سم) کێش(٣٣گم) | ئەشکانی | مـۆزەخـانەی گەرمیان |  |

**دەرئەنجام:**

لەئەنجامی ئەم توێژینەوەیەدا لەسـەر هەندێک لەوپارچە کانزایانەی مۆزەخانەی گەرمیان، بە بەراوردکردنیان بەو پارچانەی کە لە کنەوپشکنییەکاندا دۆزراونەتەوە و لە هەمان مۆزەخانە پارێزراون گەیشتینە چەند دەرئەنجامێك:

وەک ئـاشــکرایە نـاوچەی گەرمیـان یەکێـك بووە لەو نـاوچە گرنگـانەی ژێر دەســەڵاتی نـاوجەرگەی قەڵمڕەوی ئەشــکانییەکاندا، بۆیە دۆزراوەی ناو گۆڕەکانی ئەشــکانییەکان دەوڵەمەندە بە پارچەی کانزایی جۆراو جۆر، ئەمەش نیشانەی پێشکەوتنی کانزاکاری دانیشتوانی گەرمیانە کە خاوەنی شارستانی و ئەزموونێکی پێشکەوتوو بوون. بوونی ئەم پاشماوانە کەلەناو گۆڕە ئەشکانییەکاندا دۆزراونەتەوە ڕۆڵێکی گرنگیان هەیە لە ساغکردنەوەی ئەو پارچانەی کە هاوشێوەی پارچەی ئەشکانییەکان و کە بە دیاری پێشکەشی مۆزەخانەی گەرمیان کراون و شوێن و سەردەمیان دیار نییە، لە کنەوپشــکنینەکـان نەدۆزراونەتەوە، بە لێکۆڵینەوەمـان گەیشــتینە ئەو ڕاســتییەی کە ئەم پـارچـانەی لەم توێژینەوەیدا باسیان لێوەکراوە مێژووەکەیان بۆ سەردەمی ئەشکانییەکان دەگەڕێتەوە، چونکە شێوە و قەبارەیان لە یەکەوە نزیکە و بە هەمان شێواز دروستکراون.

**لیستی سەرچاوەکان:**

**سەرچاوە کوردییەکان:**

1. سەرفراز، عەلی ئەکبەر و فەیروزمەندی، بەهمەن، و، وریا قانیع، چ١، چاپخانەی هێڤی هەولێر، ٢٠٠٩.
2. کالیج، م.، پارتەکان، و. سەلاحەددین ئاشتی، سلێمانی، بنکەی ژین، ٢٠١٠.
3. کەڵهوڕی، وفاء طاهر محمد، چەک وتفاقی جەنگی لە هەزارەی سـێیەم و دووەمی پیش زانین لە کوردسـتانی کۆن، ما ستەرنامە لە شوێنەواری کۆن، بڵاو نەکراوە، زانکۆی سلێمانی، ک. زانستە مرۆڤایەتییەکان، بە شی شوینەوار، ٢٠١٧.
4. کریم، محمد عەلی: گۆڕە کانی بەرلووت و پاشــماوە کانی (150پ.ز- 228ز)، پرۆســیدینگی ســێیەمین کۆنفرانســی زانســتی نیودەوڵەتی شــوێنەوار و کەلەپووری کوردســتان، بەشــی شــوێنەوار/کۆلێژی ئاداب/ زانکۆی سلاحەدین، هەولێر، 2019.
5. کریم، محمد علی و نەوزاد عبداللطیف عبدالکریم: شــوێنەواری گۆڕگڕدۆڵکەی ســەرقەڵا و پاشــماوەکانی (57پ.ز -207زاینی)، پرۆ سیدینگی سێیەمین کۆنفرانسی زانستی نیودەوڵەتی شوێنەوار و کەلەپووری کورد ستان، بەشی شوێنەوار/کۆلێژی ئاداب/ زانکۆی سلاحەدین، هەولێر، 2019.

**سەرچاوە عەرەبی:**

1. الجادر، وليد، الصناعة التعدين، حضارة العراق، ج٢، بغداد، ١٩٨٥.
2. رستم. اسد، تاريخ يونان من فيليبوس المقدونی الی الفتح الرومانی، بيروت، ١٩٦٩.

**سەرچاوەکان بەزمانی بیانی:**

1. Ceccarelli, P., Seleucid Empire, London, 2016.

2. Gregoratti, L., the Arsacid Empire, King of the Seven Climes, A History of the Ancient Iranian World (3000 BCE - 651 CE), vol. IV, ed. Touraj Daryaee, Jordan Center for Persian studies, 2017.

3. Hauser, S. R., ―The Arsacids (Parthians)‖, The Oxford Handbook of Ancient Iran, ed. Daniel, T. Potts, Oxford University Press, New York, 2013.

4. Magub, A., Political and Religious Ideologies on Parthian Coins of the 2nd-1st Centuries BC, PhD,)2018(, SOAS, London.

5. Maxwell-Hyslop, R., "Daggers and Swords in Western Asia: A Study from Prehistoric Times until 600 B.C.", Iraq, Vol. 8, (1946).

6. Overtoom, L. N., The Power-Transition Crisis of the 240s BCE and the Creation of the Parthian State, ‖ The International History Review, vol. 38:5, 2016.

7. Tarn, W.W., Alexander The Great I, Cambridge University Press, 1948.